# ستراتیژی نوێی ئەمریکا و جێگەوڕێگەی کورد

( بەشی پێنجەم و کۆتایی )

*ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی*

### *ئایا کورد دەبێ باوەڕ بە ئەمریکا بکات ؟*

{ ولآتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ساتەکانی ئەم فورسەتە بەکاردێنێ بۆ بلآوکردنەوەی سوودەکانی ئازادی لە هەموو گۆی زەویدا . ئێمە چالآکانە کاردەکەین بۆ گەیاندنی هیوای دیموکراسی ، گەشەسەندن ، بازاری ئازاد و بازرگانی ئازاد بۆ هەموو کون و قوژبنێکی جیهان . ڕووداوەکانی 11 سێپتێمبەر 2001 فێری کردین کە ولآتە بێهێزەکان ، وەک ئەفغانستان ، لەوانەیە مەترسێکی گەورە پێکبێنن بۆ بەرژەوەندیە نەتەوەیەکانمان وەک ولآتێکی بەهێز } ( نامیلکەی ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی ولآتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ، سێپتێمبەری 2002 ) (1)

پێشووتر ، لە بەشەکانی تری ئەم نووسینە ، ڕوونم کردەوە چۆن گەلی کورد بە درێژایی "شەڕی سارد" بووە قوربانی سیاسەتی زلهێزەکانی ئەو سەردەمە کە دەتوانم بلێم چرِ ببووەوە لە دەستەواژەیەکی میکیاڤیلی : " ئامانج تەبریری هەموو ئامرازێک دەکا" . ئەمریکا لە ستراتیجی "شەڕی سارد" دا مەبەستی تەنها ئامانج بوو بەبێ گوێدانە ئامرازەکان ، چونکە پێی وا بوو هیچ شتێک و ئەرکێک پیرۆزتر نی یە لە تێکشاندنی یەکێتی سۆڤیەت . حەزدەکەم بەو کەسانە بلێم ، کە ڕەنگە پێیان وابێ کەوتومەتە تەڵەی "ئیمپریالیزمی" ئەمریکا و یاخود لێکدانەوە و تێگەیشتنێکی ساویلکانەم بۆ ئاڵوگۆڕەکان هەیە ، کە ئەمریکا وەک هێزێکی گەورە بەرژەوەندی لە هەموو شوێنێکی جیهاندا هەیە . ئەم بەرژەوەندیە بنچینەی هەموو ستراتیجە کۆن و نوێیەکانی ئەمریکا پێکدەهێنێ . بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا بارۆمەتری کارە سەربازی وئابووری و ڕۆشنبیرەکانیەتی . بە واتایەکی تر بەرژوەندی ئەمریکا لە سەرووی هەموو شتێکە و نەگۆڕە . لە ڕاستیدا ئەوەی گۆڕاوە تەنها ئامرازەکانی چۆنیەتی پاراستنی ئەم بەرژەوەندیانەیە .

دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، بە هەر ڕادەیەکیش بێت ، یەکدەگرێتەوە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی خەڵک و میللەتە بێ مافەکانی ناوچەکە . کاتێک ئەمریکا و ڕۆژئاوا بانگەوازی ڕیفۆرمی سیستەمی سیاسی و پەروەردە دەکەن لەبەرئەوەیە چونکە دەیانەوێ ڕێگە لە تیرۆر بگرن کە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ خەونی میللەتانی ئەم ناوچەیە لە ریفۆرم و ئازادی سیاسی و کۆمەڵایەتی . ئەمڕۆ پێویستی ڕۆژئاوا و ئەمریکا بۆ ئاسایش لە جیهان یەکدەگرێتەوە لەگەڵ پێویستی میللەتانی چەوساوە بۆ گەشەکردن و ئازادی .

تا چ ڕادەیەک ڕەفتاری ئەمریکا گۆڕاوە ؟ ئایا ئەمریکا بۆ سەپاندنی بەرژەوەندیەکان و پاراستنی ئاسایشی خۆی پەنا بۆ ڕەفتار و ئامرازی ئینسانیانە تر و ئەخلاقیانە تر دەبا ؟

<u>دەتوانم بلێم کە ئینسانیەت و ئەخلاق پەیوەندیەکی وای بە ڕەفتارە نوێیەکانی ئەمریکاوە نیە ، چونکە بەرژەوەندیەکانی ولآتان و هێزەکان ، هەموویان ئەخلاقی نین بەڵکو زۆرجار نقوم بوونە لە خوێنی ئەوانی تر</u> . بەڵام ئەم ئامراز و بەرژەوەندیانە دەکرێ زۆرجار بێنەوە لە گەڵ ئاسۆو ئامانجی

میللەتانی تر . بە کورتی ، ئەمریکا ئامرازە کۆنەکانی نەگۆڕیوە لە بەر چاوە جوانەکانی کورد و خەڵکانی تر بەڵکو تەنها لە بەر بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکایە .

ئایا کورد دەبێ بە هەموو قسەکانی ئەمریکا باوەڕ بکا ؟ نەخێر ، نابێ کورد و ڕابەڕایەتیەکەی باوەڕ بە هەموو شتێکی ئەمریکا بکا بەڵام دەبێ هەموو شتێکی ئەمریکاش ڕەتنەکاتەوە ، پێویستە کورد قبولی نیەتە باشەکانی ئەمریکا بکا و هەلسووکەوتی چاودێری بکا و بە شێوەیەکی ئاشتیانەش ، تا ئەو کاتەی ئیمکان هەیە ، هەوڵی گۆڕین و راستکردنەوەی ئەو سیاسەت و بڕیارانە بدات کە لەگەل ئامانجەکانی کورد نایەنەوە .

میللەتی کورد و ڕۆشنبیری کورد دەبێ زۆرچاک تێبگات کە ئەمریکا پاش 11 سێپتێمبەر گۆڕاوە و ئاڵوگۆری جدی لە سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی کراوە ، بۆیە ڕێگاکانی سەپاندنی بەرژەوەندیەکانیشی گۆڕاوە . هەر کەسێک ئەمریکا بە سیاسەتەکانی دونیای دوو جەمسەری "شەڕی سارد" هەڵسەنگێنێ ، خۆی تووشی هەڵەیەکی گەورە دەکات و نایەوێ ئاڵوگۆڕەکان ببینێ .

## *کورد : جێگایەک لە ناو میللەتان!*

ڕووداوی 11 سێپتێمبەر پەردەی هەڵدایەوە لە سەر دواکەوتوویی مێژوویی کۆمەڵگا "عەرەبی" و " ئیسلامی"یەکان لەبەردەم ڕای گشتی جیهان . ئەم ڕووداوە نوخبەی سیاسی و فکری ڕۆژئاوای تووشی شۆک کرد و تێیگەیاندن کە شتێک لەم کۆمەڵگایانە بۆگەن بووە . ئەوان تێگەیشتن کە ئەم کۆمەڵگایانە ناتوانن ، بەبێ یارمەتی دەرەکی و ڕۆژئاوایەکان ، قەیرانی مۆدێرنیزم تێپەڕێنن . لێرەوە بوو "مەشروعی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە" هاتە ئاراوە ، کە ئامانجەکەی راکێشانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە زەلکاوی سیستەمە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی سەدەکانی ناوەراست بوو .

لەم سەردەمە کە بەرژەوەندی نەتەوە جۆراوجۆرەکان یەکدەگرنەوە و یەکتردەبرن لە کاتی دیاریکراودا ، ناتوانرێ کێشە نەتەوەیی و ناوچەیەکان بێ چارەسەر بهێڵرێنەوە بەبێ بوونیان بە کێشەی جیهانی . لەم نێوەدایە کە کێشەی کوردیش لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیاناکرێتەوە لە کێشەکانی تری ناوچەکە . کێشەی کورد توخمێکە ئەمڕۆ لە ناوچەکە کارکردی لە سەر مەسەلەکان و کێشەکانی تر هەیە بۆیە چارەسەری کێشەی کورد پێش ئەوەی لە بەرژەوەندی کورد خۆی بێ ئەوە پێویستیەکی بەرقراری ئاسایشە لە ناوچەکەشدا . ئەمڕۆ کێشەی کورد نەوەک دژایەتی نیە لە گەڵ بەرنامەی ئەمریکا لە ناوچەکە وەک سەردەمی "شەری سارد" ، بەڵکو تەنانەت بوونی کورد لە ناوچەکە خەریکە دەبێتە ئەگەر نەڵێم تەنها فاکتۆر ئەوا فاکتۆرێکی گرنگ بۆ چوونە پێشەوەی ستراتیجی ئەمریکا .

بۆیە لە کۆتاییدا حەزدەکەم بڵێم : گەلی کورد ، کە تا ئێستا گەورەترین گەلە لە جیهان خاوەنی وڵاتی سەربەخۆی خۆی نیە ، بە درێژایی مێژووی نوێ ، سەرچاوەی هەواڵی ناخۆش و دڵتەزێنە .ئەمڕۆ گۆرانێکی دراماتیکی هاتۆتە پێشەوە ، نەتەوەیەک ، کە ماوەیەکی درێژبوو خزێنرابووە ناو لاپەرە بیرچووەکانی مێژووەوە ، ئەمڕۆ گرنگیەکی جیهانی گەورەی بەدەستهێناوە . بێ دوودڵی ئاڵوگۆڕەکان پێمان دەڵێن : زۆرسەختە دەنگی کورد ئەمجارە کپ بکرێتەوە.

<u>سەرچاوەکان :</u>

1 ـ { the United States will use this moment of opportunity to extend the benefits of freedom across the globe.We will actively work to bring the hope of democracy, development, free markets, and free trade to every corner of the world. The events of September 11, 2001, taught us that weak states, like Afghanistan, can pose as great a danger to our national interests as strong states } . ( نامیلکەی ستراتیجیەتی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ، سێپتێمبەری 2002 ) (1)